مەسرور بارزانی: هەندێك لایەن لەوانەیە سواری شەپۆلەکە بووبن و یاری بە هەستی مامۆستا دەکەن

ئەمڕۆ چوارشەممە، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی کاربەڕێکەری هەرێمی کوردستان قوتابخانە و باخچەی منداڵانی ماجیدی لە شاری هەولێر کردەوە.

لە دەقی وتارەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاتووە: زۆر سوپاسی مامۆستا بەڕێزەکان دەکەم کە بەردەوامن لە فێرکردنی قوتابییان، دەزانم کە قوتابخانە شوێنێکە پێویستە زۆر گونجاو بێت کەشێکی تێدا بێت کە قوتابی هەست بە ئارامی بکات، قوتابی تەنیا فێرکردنی خوێندن نییە، بەڵکوو پەروەردەکردنیشە، کە قوتابی دێتە قوتابخانە دەبێ فێری ئەوە بێت کە دواتر چۆن لە ژیاندا مامەڵە لەگەڵ گرفتەکانی ڕۆژگار بکات.

مەسرور بارزانی هەروەها وتیشی: ئەوەی حکومەت لەسەریەتی بەردەوام دەبێت لەوەی کە قوتابخانەی نوێ دروست بکەین یان ئەو قوتابخانانەی کە هەن نۆژەنیان بکەینەوە، تا ئێستاش زۆر لەو قوتابخانانە نۆژەنکراونەتەوە و هەندێك قوتابخانەی نوێش دروست کراون، بەڵام پێویستمان بە زۆر قوتابخانەی زیاتر هەیە لەسەر ئاستی هەموو کوردستان.

سەرۆکی حکومەتی هەرێم دووپاتیکردەوە، لە بابەتی چاکسازی لە کەرتی پەروەردە، ئەم کابینەیە کاری زۆری کردووە، هەروەها سوپاسی هەموو ئەو مامۆستایانە دەکەم کە بەردەوامن لە فێرکردنی قوتابییەکان،

دەزانم کە دۆخی ژیانیان سەختە و ئاسان نەبووە بۆ تایبەتی ئەم ماوەیەی ڕابردوو کە بابەتی مووچە بووەتە بابەتێکی سەرەکیی بۆ تایبەتی ئەوانەی کە جگە لە مووچە هیچ داهاتێکی تریان بۆ بژێویی ژیانی خۆیان نییە.

مەسرور بارزانی لەبارەی مانگرتنی مامۆستایان وتی: هەندێك لایەن لەوانەیە سواری شەپۆلەکە بووبن و یاری بە هەستی مامۆستا بکەن، ئەوانەی کە ئێستا هانی مامۆستایان دەدەن کە نەیەنەوە بۆ پۆلەکان و قوتابخانەکان، دەیانەوێ تۆڵەی ئەوانەی مووچەکانیان بڕیوە لە قوتابییەکان بکەنەوە کە ئەمە بە هیچ جۆرێك شیاو نییە.